# راپەرینی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری



سەعید مەموزینی

زۆرینەی شۆڕشەکانی کوردستان، سەرۆکەکانیان مرۆڤانی ئایینی بوون و لەمزگەوتەکاندا دەرکەوتوون، چونکە زۆرینەی کوردەکان موسڵمانن، ئەو تایبەتمەندییە زیاتر لە(شێخ عوبەیدوڵلای) نەهری دەبینرێت، ئەو شێخە مەزنە لەسەردەمی عوسمانیەکاندا لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان سەری هەڵداو ژیانی خۆشیی بۆ ڕێگایە پیرۆزە تەرخان کرد، (ئەو شۆڕشە وەکو شۆڕشی تورکە لاوەکان، ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بووە، لەسەر سنوری ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لەنزیکی شەمزینان دەستی پێ کرد بۆ ماوەیەك توریسی کردە ئامانجی هێرشەکانی خۆی، پاشان کوردەکان ناچاربوون واز لەشەڕ بێنن، بۆ ماوەیەك بەهاوکاری ئێران و تورکیا چالاکیەکانی شێخی شۆڕشگێر هاتە وەستان)[1] (ئەو جولانەوەیە لە"١٨٨٠ ١٨٨١" کە شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی (کە بە نەهری‌و هەندێ جار بەگەیلانیش ناوی دێت، رابەرایەتی دەکرد بەئامانجێکی نەتەوەیی ئاشکرا، زۆربەی چینەکانی گەل بەشدارییان تیاکرد، ئەو راپەڕینە بەگەورەترین جولانەوەی رزگاریخوازی کوردی سەدەی نوزدەهەم دادەنرێ. چونکە زۆرینەی مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسەکان لەسەر شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو جولانەوەیەو زۆربەی جولانەوە رەواکانی کوردی یەك دەنگ نین،و هەر کامیان بەپێی بیرو بۆچوونی تایبەتی خۆی بەچەشنێکی راست یان چەوت لێکی دەداتەوە وای بەباش دەزانین بەتێرو تەسەلی لێی بکۆڵرێتەوە.

ئەو قۆناغە بۆ هەردوو ئیمپراتۆریەتی ئێران و تورکیا قۆناغی هەرەس هێنان و

داتەپین بوو، چونکە ئاشوب سەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکەی تەنی بووە، هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە لەسەرە مەرگدا بوون و بەئەندازەیەك گیرۆدەی تەنگ و چەڵەمەی سیاسیو نائارامی ببوون کە سەریان لێ شێوابوو نەدەپڕژانە سەر هیچ شتێك.

ئەو بارودۆخە هەلێکی لەباری بۆ هەڵگیرسانی جولانەوەیەکی رزگاریخوازی بەربلاو بەسەرکردایەتی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی پێك هێنابوو، سەرەتا تەنیا هەرێمی شەمزینان لەژێر دەسەلاتی شۆڕش دابوو، بەلام هێندەی پێ نەچوو، گڕی شۆڕش زۆربەی ناوچەکانی باکوورو رۆژهەلاتی کوردستانی گرتەوە، لەوتارەکەی شێخ (عوبەیدوڵلای شەمزینی) کە لەکۆنگرەی تەمموزی سالی (١٨٨٠)ی نوێنەرانی خێڵەکان دا خوێنرایەوە دەردەکەوێ کە ئامانجی جولانەوەکە رزگاری کوردستان و پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بووە.

ئەو کۆنگرەیە بەئامادە بوونی هەموو سەرانی خێڵەکان و ناودارانی کوردو پیاوانی ئایینیو نوێنەری هەموو چینەکانی کۆمەڵ لەگوندی نەهری ناوچەی شەمزینان بەستراو تیایدا بڕیاری پێکەوەنانی (کۆمەڵەی خێڵە کوردەکان) درا کە ئەویش بەنۆرەی خۆی بڕیاری بەرزکردنەوەی ئالای خەباتی شۆرشگێڕانەیدا، دژی هەردوو دەوڵەتی تورکیاو ئێران، سەرانی جولانەوەکە پێیان وابوو کردنی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران بەئاگردانی شۆڕش دەرفەتێکی چاك بۆ پەرەسەندنی شۆڕش پێك دەهێنی، ئەوان دەیانویست پێشەکی ناوچە کوردنشینەکانی بندەستی رزگارکەن و پاشان بادەنەوە سەر تورکیاو کوردستانی لێ بسەننەوە[٢].

(شێخ عوبەیدوڵلا) چاوی لەوە بوو کوردەکانی بندەستی عوسمانیو ئێران لەیەك کاتداو بەیەکەوە ڕاست ببنەوە، هەروەها پێی خۆش بوو میللەتە چەوساوەکانی تریش وەك عەرەب و ئەرمەنیو ئاسوریش بەشداری راپەڕینەکە بکەن شێخ بەو نیازەی پشتگیری میللەتە دراوسێکانی مسۆگەر بکات بۆ ئەم نیازە لەگەڵ مارشەمعونی سەرۆکی ئایینی ئاشوریەکان و شەریفی مەککەو خدێوی میسردا کەوتە گفتوگۆ، عەرەبەکانی ویلایەتی بەغدا، لەرێی (فەرغانی) پاشای سەرۆکیانەوە، شێخ عوبەیدوڵلایان ئاگادار کرد ئامادەن پشتگیری بکەن، بەپێی ئەو رێك کەوتنە دەبوایە هێزەکانی کورد دوای داگیرکردنی موسڵ لەگەڵ هێزەکانی عەرەبدا یەك بگرنەوە. دابەشکردنی هێزەکانی راپەڕین بەم تەرزە بوو:

بەشێکیان بەسەرۆکایەتی شێخ (عەبدول قادری) کوڕە بچوکی شێخ، لەگەڵ هێزەکانی عەشیرەتی مەنگووڕو مامەش (رۆژهەلاتی کوردستان) ئەبوو شارەکانی ئامێدیو موسڵ بگرن، بەشێکی تریش بەسەرۆکایەتی خودی (شێخ عوبەیدوڵلا) دەزگا بەرێوەبەرایەتیەکانی شاری وان بگرێ عوبەیدوڵلا بەو دووربینییە سیاسیەی کە هەیبوو، هاوکاری ولاتە ئەوروپاییەکانی بەلاوە زۆر گرنگ بوو، بۆیە بۆ هاوکارییان هەولێکی زۆریدا[٣].

(هەروەها شێخ بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی دوا رۆژی راپەڕین هەوڵیدا چەند کەسایەتییەکی گەورەو پایەداری ئێران بەلای خۆیدا رابکێشێت، ئەوە بوو لە(٢٩)ی تشرینی یەکەمدا نامەیەکی بۆ

"عەباس میرزا" نارد چونکە خاوەنی راستەقینەی تەختی پاشایەتی ئێران بوو، شێخ ئەو نامەیەی بەهۆی "حوسەین گولی‌و عەبدول رەحیم نارد"، ئەمەی دووەمیان ئەوەی پێ سپێردرا بوو، بەناوی شێخەوە داوا لە"عەباس میرزا" بکات لەگەل کوردەکاندا رێك بکەوێت، بەلآم "عەباس میرزا" ئەو دوو کوردەی گرت و بەنامەوە بۆ لای شای رەوانەکرد، زۆری نەبرد راپەڕینەکە بەهەموو ناوچەکانی کورددا تەنییەوە، لەنیوەی یەکەمی ئەیلول دا کوردەکان دەوروبەری لاهیجان و (سەردەشت)یان گرت و دانیشتوانی ناوچەکە هاوکاری تەواوی هێزە راپەڕیوەکانیان دەکرد، بۆیە بۆ دەولەت ببوە هەڕەشەیەکی پڕ مەترسی، ئێرانییەك لەو کاتەدا بۆ ناسیاوێکی خۆی دەنووسێت:

(نەك "٢٠" هەزار کورد بەلکو هەموو کوردستان راست بۆتەوە).

بەلای کەمەوە هەموو هۆزە کوردەکانی ئێران لایەنگری شێخیان دەکرد، لەوانەش: مەنگوڕ ٥ هەزار چەکدار، مامش ٥ هەزار چەکدار، زارزا ٨ هەزار تفەنگ، موکری (١٠ هەزار تفەنگ) دیبوکری ١٠ هەزار تفەنگ، گاوریك و شکاك و جاف ٥٠ هەزار چەکدار پیران و ئاهۆ (ئاکۆ)و زوودی‌و هی تر هەرکامیان چەندین هەزار چەکداریان ئامادەی جەنگ بوو))(٤).



### ١-کەسایەتی شێخ عوبەیدوللآی نەهری:

دروستبوونی کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ کە سەرۆکایەتی نەتەوەکەی بکات سانانییە، هەر هەزار سالْ جارێك مرۆڤێکی راستەقینە کە بەرگری لەمافی خوراوی گەلەکەی بکات و ببێتە هێمای نەتەوەیی کاوە ئاسا زوحاك ببەزێنێ بەدیار دەکەوێ. (عوبەیدوللآ بەو دادپەروەرییەی ئەینواند بەو ژیانە ساکارو خاکەرایە (تواضع)ی کە هەیبوو، خەلکەکەی ژێردەستەلآتی ناچار کردبوو ریزێکی زۆری لێ بگرن، هەرگیز بەرتیلی وەرنەدەگرت، رێگای بەخەلکی دەوروپشتی نەدەدا ئەو کارە بکەن، هەر کەسی تووشی ئەو کارە چەپەلە ببوایە سزای مەرگ بوو، مرۆڤێکی رۆشنبیر بوو، هەولی ئەدا بەپێی توانا بەو بیرو باوەڕە

جۆره ژیانی کۆمەڵگای خاوەن شارستانیەتی بێنێتە کایەوە، دژی دزیو جەردەییو تالاّنکردن بوو، حەزی دەکرد میللەتەکەی ببێتە میللەتێکی خاوەن دامەزراوەی پێشکەوتوو.

ناوبردنی شێخ و باسکردنی وەك پیاوێکی دادپەروەرو پارێزەری مافی گەل دژی دەست درێژی کردن و زۆرداریو رووتاندنەوەی دەزگاکانی عوسمانی ناوی شێخیان بەرز کردبۆوەو ببوونە هۆی ئەوەی هەزارەها کوردی رەش و رووت لە هەموو لایەکەوە رووی تیٚبکەن و پشتی بگرن، ناوی باوکی لیٚ نرابوو، ناوەکەی ببوە هێمای خۆشەویستیو رێز لیٚگرتن، هەرکە ناوی دەهات خەڵکی لەجێگای خۆیان ڕاست ئەبوونەوە)[٥].

کاتیٚ مرۆڤێك خۆی بەخاوەنی کێشەی خەڵك بزانێت و گیروگرفتەکانی چارەسەر کردو ماڵەکەی بووە رووگەهی لیٚ قەوماوان، ئەوا شوێنی خۆی لەدڵ و دەروونی خەڵك دەکاتەوە، خەڵکی خۆشیان دەوێت و کەسایەتیەکی بەهێزی لیٚ ساز دەبیٚ، کەسایەتی سەرکردە کوردەکان لەبەرگرییان بەرامبەر دوژمنی هۆڤی مرۆڤایەتیو نەتەوایەتی دروست دەبیٚ (شێخ عوبەیدوڵلاّی شەمزینان) لەبنەماڵەی شێخ عەبدول قادری گەیلانییە (١١٦٦-١٠٧٨) کە قادری سەر سلسلەی دانەری سۆفیاتیيە لەکوردستان، (شێخ عوبەیدوڵلا) لەساڵی (١٨٣٠) زایینیدا لەدایك بووە، لەدوای ئەوەی کە رابەرایەتی ئەو سلسلەیەی بەدەستەوە گرت و سەر ئەنجام بەو رێبازە گەیشت کە نەخشی مەزهەبی خۆی لەگەڵ نەخشی سیاسی تێکەڵ کاتەوە، بەکارو کردەوەی کوردستان رزگار بکات، دەگونجیٚ بڵێین کە نەتەوەی کورد بەچەشنێك ئیمانی بەو سەرۆکە مەزهەبیە هەبووە، کە پێی وابوو خوا ئەو پیاوەی بەتایبەت بۆ رزگاری وڵاتەکەی ناردووە، بەڕاستی هەر بەوجۆرەش بوو، کوردەکان دەستورو فەرمانی شێخ (عوبەیدوڵلاّ)یان بەگیان و دڵەوە جێبەجیٚ دەکردو لەپێناوی فەرمانەکانی ئەودا گیانیان بەخت دەکرد، ئەو مرۆڤە مەزنە لەهەرێمی باکوورو رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەسەڵاتێکی زۆری پەیدا کرد، لەو دەڤەرانەشدا تاوڵاتی دوورو نزیك کەسێکی هاوتای ئەو نەدەبینرا، شێخ لەقوڵایی دڵەوە، بەو ئامانجە گەیشت کە تەنیا بەدبەختیو چارە رەشی کوردان ئەوەیە وڵاتەکەیان یەك پارچە نییەو دوو لەت کراوە، . کاتیٚ شەڕی رووسیای تەزاریو عوسمانیەکان لەساڵی (١٨٧٧-١٨٧٨)دا روویدا چونکە تورکەکان موسڵمان بوون لایەنگری لێیان کردو بەزیانی کوردیش تەواو بوو، بەڵام بەداخەوە کەڵکی لەو کارە وەرنەگرت و لە شەڕی رووسەکان شکاو ماوەیەك خانەنشین بوو، بەڵام وازی لەبزوتنەوەکەی کورد نەهێنا، بەزوویی سەرۆکایەتی نەتەوەکەی بەدەست گرتەوەو بەدیارکەوت و خەباتی دەست پیٚ کردەوە(٦).

## ٢-( رای نووسەران لەسەر را پەڕینی شێخ عوبەیدوڵلاّ )

هەر نووسەرێك ڕای خۆی لەسەر راپەڕینە نەتەوەییەکانی کوردستان هەیە، زۆر لەو رایانە بیٚ ویژدانانە دەنووسرێن و هەندێکیش بەویژدان دێنە نووسین، بۆیە پێویستە بەوریایی لەهەر بۆچونێك لەسەر

دۆزی کوردی لەسەردەمی کۆن و نوێدا وردبینەوە.

(مینۆرسکی بزوتنەوەکەی "شێخ عوبەیدوڵڵا" هەڵ ئەسەنگێنیو نرخی تایبەتی خۆی ئەداتێ، گەلێك لەرایەکانی "مینۆرسکی"و"کارتسوۆف" دەربارەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد هەتا ئەمڕۆ سەنگی خۆیان هەیەو کۆن نەبوونە)[٧].

(دکتۆر کاوس قەفتان) بەو جۆرە باس دەکات: (شێخ عوبەیدوڵڵا لەمەیدانی رامیاریدا زیاتر پشتی بەرووسیا نەك بەریتانیا دەبەست کە دەهاتە سەر روون کردنەوەی هەڵوێستەکەی ئەیگوت: "باشتر وایە لایەنگیری شێربیت نەك ڕێوی" ئەگەر شێخ شارەزای سیاسەت بوایە ئەبوایە لایەنگیری ڕێوی بکات، دەرکەوت شێرەکە لەئاست ڕێویەکەدا کەڵبەی کوڵ بووەو لەبەرامبەر کێشەی کورددا شێرو ڕێوی نەبوە، هەروەها شێخ زۆر هەوڵیدا لەرێی "ئۆبەرمیلەر"ی کۆنسوڵی رووسیا لەئەرزەڕۆم پشتیوانی رووسیا بەدەست بێنێ)[٨].

بە بۆچوونی (ڤیلسۆن) (شێخ هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە) (ئەگەر هاتوو شێخ دەسەڵاتی بەدەست گرت ئەوسا گاورەکانیش وەك موسڵمانەکان مافی تەواوی خۆیان وەردەگرن)[٩].

((تانیانا ئەریستوفا لەپەرتووکی خۆیدا "الاکراد ماوراء القفقاس"دا دەڵێت: شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دوو بەتالیۆنی هەبوو یەکەمیان لەئێران لەژێر فەرماندەیی "شێخ عەبدول قادر"و دووەمیان لەژێر فەرمانداەیی "محەمەد سەدیق" کە کوری شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بوون، سەرۆکە موکریانیەکانیش هاوکارییان دەکرد خەلیفە "محەمەد سەعید"و "هەمزە ئاغا" رێکخستنیان لەنێوان عوسمانیو ئێرانیەکاندا هەبوو، بۆیە شۆڕشی کوردی لەدوو بەرەدا شەڕی دەکرد)(١٠).

## ٣-نسکۆی را پەڕین:

نسکۆی هەر سەرهەڵدانێك بۆ قۆناغێکی دوورو درێژ سەرهەڵدان دوادەخات، تۆی دووبەرەکیو بێ هیوایەتی لەنێو خەڵکدا بڵاودەکاتەوە، زۆر لەشۆڕشگێران لەسێدارە دەدرێن یان پەرت و بڵاودەبن بەڵام نسکۆی شۆڕشەکانی کوردستان، نەبوویتە هۆی کەوتنی یەکجاری بەڵکو لەدوای هەر نسکۆیەك بەماوەیەکی کورت راپەڕینێکی بەهێزتر دەستی پێ کردووەو ئەو بازنەیە تائەمڕۆ هەر بەردەوامەو لەنێو کورددا شۆڕش و سەرهەڵدان ژیانە.

(لەدوای دوو ساڵ شۆڕش و خەبات بەمیانگیری رووسیای تەزاریو بەریتانیا "شێخ عوبەیدوڵڵا" بانگ کرایە ئەستەمبوڵ تا لەرێی وتووێژەوە مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێ، بەڵام لەجیاتی وتووێژ "شێخ عوبەیدوڵڵا"یان دەستگیرکرد، پاش ماوەیەك شێخ رای کردو لەڕێی قەفقازەوە خۆی دەرباز کردو دواتر خۆی گەیاندە کوردستان، بەڵام پاش ماوەیەك لەساڵی "١٢٩٩"ی کۆچی لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی خوانەناسەوە بەفێڵ گیراو لەگەڵ گشت خاوخێزانیدا دوورخرانەوە بۆ شاری مەککەو لەوێ بەدەستبەسەری ژیاو لەساڵی "١٨٨٨" لەمەککە کۆچی دوایی دەکات و هەر لەوێش ئەینێژن)[١١].

(لەئاكامدا ئەم شۆڕشە پیرۆزو مەزنەی گەلی كوردی نەبەز لە نێوچو، لەم لاشەوە "حوسێنمەلی خان" وەزیری فوئاد سالار كە سابلاغی سازكردو بەفروفێڵ پیاوێك لەكوردە ناودارەكان كە دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ هەمزاغای مەنگوڕا هەبوو، نارده لای هەمزاغا، "شایانی باسە هەمزاغا وەزیری جەنگی شێخ عوبەیدوڵلا بووە" بەزمانی چەورو نەرم هەمزاغای مەنگوڕ فریوئەداو بانگی دەكاتە نێو چادرەكەی، كاتی هەمزاغاو هاوڕێیانی دەگەنە ئەوێ، سالار بەئەنقەست لەچادرەكەی ئەچێتە دەرەوە، هەمزاغاو هاوڕێیانی دائەنیشن و هەواڵی سالار ئەپرسن، وەلامیان نادرێتەوەو لەلایەن جەندرمەكانی قاجار دەدرێنە بەرگوللەو هەموویان شپرزە ئەكەن، سەر ئەنجام سەربازو جەندرمەكان ئەرژێنە نێو چادرەكان و هەموو كوردەكان سەرئەبڕن، سەری هەمزاغاو هاوڕێكانی ئەكەنە سەرنووكی سەرنێزەو لەناو شاری مەهابادا ئەیگێڕن و پاشان ئەیانبەنە شاری ورمێ بۆ لای "محەمەد رەحیم خان"و "عەلائول دەولە ئەمیری نیزامی" حاكمی قاجارەكان، لەو شارەدا لەدوای روخانی شۆڕشی كورد بەرێبەرایەتی شێخ "عوبەیدوڵلای نەهری" كوردەكان پەرت و بلاوبوون)(١٢).

لەتوندوتیژی توندی لەدایك دەبیٚو ئەمڕۆ ئەو دەوڵەتانەی كوردستانیان پێوە لكێندراوە نابێ وەكو سەردەمی كۆن مامەڵە لەگەڵ كورددا بكەن چونكە ئێمە لەساڵی (٢٠٠١)دا دەژین سەردەمی جیهانگیریو تاك جەمسەریو دایەلۆگە،و هەر تاوانێكی بچوك و مەزن رووبدات بەهۆی كامیرەی ڤیدیۆ دەكەوێتە پێش چاوی دنیاو دنیاش لەبەرامبەر ستەم بێ دەنگ نابێو ئەگەر ئەو دەوڵەتانە كێشەی نەتەوەی كورد ئاشتیانە چارەسەر بكەن بەر لەهەر كەسێك خۆیان سوودی لێ دەبینن و بەوڵاتێكی دیموكراسی ناوزەد دەكرێن و لەداهاتوودا دوور نییە خەڵاتی ئاشتی نۆبلیش وەربگرن بەپێچەوانەش راپەڕین و خوێنڕژان بەردەوام دەبێ.

## سەرچاوەكان:


١-نیكتین، باسیل، الاكراد، ل١٨١، ١٩٦٩، بیروت.

٢-شەمزینی، عەزیز، جولانەوەی رزگاری نیشتمانی كوردستان، ل٥٧و ل٥٨، ١٩٨٥.

٣-جەلیلی، د.جەلیل، گۆڕینی لەرووسییەوە د.كاوس قەفتان، (راپەڕینی كوردەكان لەساڵی ١٨٨٠، ل٨٦و ل٨٧، ١٩٨٧).

٤-هەمان سەرچاوە ل١٢٤و ل١٢٥.

٥-هەمان سەرچاوە، ل١٠٧.

٦-كۆچیرا. كریس، گۆڕینی بۆ كوردی، محمد ریانی، كورد لەسەدەی نۆزدەو بیست دا، ل٥٠، ١٩٩٠.

٧-جەلیلی، د.جەلیل، هـ-س، ل١٣.

٨-هەمان سەرچاوە، ل٨٣.

٩-هەمان سەرچاوە، ل١٠٨.

١٠-مزیری، شەعبان، گرفتارییا كوردا ل توركیا، ل١٦، ١٩٩٢، بەغدا.

١١-ئیبراهیمی، محەمەد سالح، ژیانی زانایانی كورد لەجیهانی ئیسلامیدا، ل١٥٨، ١٩٨٤.

١٢-هـ-س، ل١٥٨و ل١٥٩.